# دەست لەڕەگەزە نەگۆڕەکانی مەحاڵ دەوەشێنم



ئەرسەلان مەحمود

ئەمشەو..لەدواساتەکانی ڕاکشانی نیوەشەودا، لەتەماشای دووکەڵە ڕەنگ شینەکەی سیگارەکەمدا، دڵم سەمای پەرینەوە لەگوناهی زۆرجار لەگەڵ گوڵەکەنمێك و ناوەناوەش لەگەڵ گوڵەبەڕۆژەیەك و هەندێك جاریش لەباوەشی دایکمدا، جۆڵلانێ پێدەکردو لەدیار هیواو خواستە تێنەپەریوەکانی دوێنێی منداڵیم، ئەومنداڵیەی کە هەرگیز نەیدەویست وەکو بزمار بەدیواری گەورەیی ئاوا ئاپارتمانێکی پیری، کەمەرگە بچێتە خوار!....ببوومە هاوژوانێکی ڕەزاقورسی پێکێك لەبادەی ژیان...........بەڵام لەبەدەمەستی ئەم میللەتە بێخەون و خەیاڵە!... لەگەڕان بەدوای نهێنیە نەزانراوەکانی بێگوڵی ئەوچوار گوڵدانە بێگوڵەی سەرمێزەکەم، ئێستاشی لەگەڵدابێ نەمزانی بەختەوەریم لەناو یادو خۆزگە نەرسکاوەکاندا، بۆچیو چۆن لەدەست، ڕژا..! نەمزانی هەمیشە لەنێو پربوون و ڕژاندا، دڵۆپەیەکین لەناوی بێگوناهو دەرژێینە دەریاچەی مردنێکی دیکە!.. بەمشەوە.. نەمدەزانی گوێ لەچپڵندگۆیەکی ناوەخت و گوێ لە چکۆکەکۆکییەکی پیری بگرم، پیرێك لەئاوەژوو خوێندنەوەی ڕستەکان، پیرێك لەونکردنی ڕێگاکان، پیرێك لەبەسەرچوون و یادەوەریە بەجێماوەکان، یان پیرێك لەهەڵتروشکانی بەر بەرۆچکەکانی قەدەر!.. هەستێك بەرەو ئەودیو ژورەکەمی بردم، دەستێکم بینی تاقانە دارپرتەقاڵی حەوشەی ماڵی ڕادەوەشاند، دەستێکی تر پاشماوە پیسەکانی فۆدانی گەدەو چیلکە گوێ پاکەرەوەکانی لەبیستنی زلزلەی درۆکانی شەوگارو نینۆکە چرنوکاویەکانی پشیلەی تەختشان و پەخشانی کوڵان دەکرد، کەنیگامکرد گوڵێك سیس بووە لەبینینم، باڵای خاك لەنەخۆشی بوونەوەرە سەرگەردنەکانی خەجاڵەت هەڵکورمابوو و ئەویش داوای لێبوردنی دەکرد، ئاخر ئەو مشتێ لەخشڵ و خۆڵی خۆی پێنەمابوو، ڕووتکرابۆوە لەخۆی، هەمووگیانی پارچەپارچەو هەموو باوەشی لەدەستو دەمو داوێنپیسی وەچەکانی زینو لغاوو زاێکرابوو!.. زۆرتێفکریم، جیاوازی ئێمەو ئەو، جیاوازی ئێمەو شەو چییە..دەمگووت ئەوەنییە هەمووومان لەتاریکی ئەوو هەمووشمان هەر لەیەکی حەوتدا لەدایك بووین، بەڵام شەوگار شتێکی دیکەی دەگووت"ئێوە چەندە قەدەرێکی نەگۆڕو چەندە بەدەستی بێهودەییەوە دیلن، ئەوەندەش نیشتیمانێکی دڵڕەقتان هەیە!..نەسوێی لەخۆیوو نەدەستی لەئێوەش دەبێتەوە!..سبەینێتان جوگرافیایەکی ناتەواوترە لەدوێنێ و دوسبەشتان نیەت و هیممەتێکی خاوترە لەخەیاڵی خاو!..دەیگووت، دواجار لەتێکن لەوونبوون و لەتێکن لەبایەکی بێناو"!..تێگەیشتم ئێمەواین، کەس نازانێ هەواو هەوەسی میزاجی ئێمە لەکوێوە بۆکوێ و لەچ وەرزێکەوە بۆ چ سەردەمێك هەڵدەکات!..دواجار زانیم نیشتمان و لیمۆێکین لەگوومان و لەرزیندا..! ووردبوومەوە لەخۆم و گەیشتمە ئەوباوەڕەی بەرگەی گەمەگەلێکی ئاوانگرم و هەوڵمدا، لەمەڕاسیمێکی بێدەنگدا، ماڵئاوای لەخۆمبکەم و بەر لەهەرشتێك کۆمپیوتەرو کتێب و تەنانەت ئەو تروتەوێلکەی بەهەزار دەردی سەری پێکمەوە نابوون، بسوتێنم و تێك و پێکیان بشکێنم، وەلێ ئەو کاتژمێرەی لەژوور سەرمەوە، خۆمان ئاسا بەدەوری خۆیدا دەخولایەوە، چك چك دەیفەرموو: ئەوە فیلمی گەڕانە بەشوێن ناو ناوبانگ پەیداکردنەوەوەیەو زۆر دەمێکیشە کۆن بووەو بەسەرچووە، ڕەنگە ببیتە هەواڵێکی گەرم و گوڕی نێو بڵاوکراوەو ڕۆژنامەکان، بەڵام دڵنیابە نەوتار نوسێ باست دەکاو نەرۆژنامەنوسێکیش دەپرسێت بۆ!..دەبیتە مەخسەرەی مۆبایلەکانی دەستی عەوام و گاڵتەجاری ئابڕوتکێنی بلوتوزە هیچ نەناسەکان!..ئاخر ئێمە وەك ئەوسیگارەی بەدەستمەوە، هەردەم دەسوتێن و وەك دووکەڵەکەشی بۆ هیچ ناگەڕێینەوەو بەردەم خۆشمان پێنابیندرێت!.. ئای لەشەوی هەمیشە عومری ئێمە، دیسانەوە شەو یەخەی پێدەگرتمەوەو دەیەویست دوورمخاتەوە لەخۆم و بمباتەوە بۆخۆی..گووتم دەلێگەڕێ ئەی کابوسی حیکایەتە خواروخێچەکانی سەرسینەم، دەلێگەڕێ باجارێ خەون بەبەهارو گوڵەباخێکی نەشمیلانەوە ببینم، باتاوێ لەپاڵ ئەومانگەدا ڕاکشێم و پەنجەکانم لەشانەکردنی قژیا ڕۆحیان وەبەردا بێتەوە!.. دەلێگەڕێ باگرێ لەهەناسە خنکاوەکانم بکەمەوەو بەختم لەبەختی خەواڵوو نەجاتبدەم، بەڵام کوالەشەوی ئێمە سحراویتر هەیە بانەبێ..ئەو چاوی لەچاوی هەموومان ڕەشترن، مردن نەبێ!..لەو کاتەدا، لەوەڵامێ کورتەنامەی دڵخوازێکما ئاوام نوسی"ئێمە تاقانەترین بوونەوەری بەجێماوی گەردوونین، گوڵم لەجەهەنەمدا چاوەڕێ و تەمننای چجۆرە خەوبینینێك دەکەی"؟!..ئەویش ئاوای بۆنوسیبووم" قەدەری ئێمە خەوتن و چاوەڕێکردنە، بخەوەو دەست لەسوتانی ئەوچرایە مەوەشێنە، پڵیتەکەی لەنەوتی گوناهەوە گلاوەو بەتۆێك دەرناکێشرێت، بخەوەو ئەوچقڵەگرگر بەوتاریکیە لەچاوتدا هەڵناکێشرێت"!..بەڵام گوڵم چی لەزیکرو فیکری سەحراو بەمشەوە چی لەمەزەو شەرابی لم بکەم، نانا بەرەو ڕووناکی دەبێ برۆم و ناخەوم، من دەبێ شوناسەکەم نیشانی خۆرەتاوبدەم، من دەبێت دەست لەڕەگەزە نەگۆڕەکانی مەحاڵ بوەشێنم و مەوداکانی نێوان هەڵاتن و ئاوابوون تێکبدەم، من دەمەوێت بۆ هەمیشە برابەشی ڕووناکی و دووژمنی تاریکی بم.

Amk.974@hotmail.com



# کاریگەری کولتوور لەسەر کۆمەڵگا

**م٠ئاوات**

دەکرێ وشەی کولتوری چەندین پێناسەی جۆراوجۆر هەڵبگرێ لای فەیلەسوفانی کۆمەڵایەتی وەك وشەی کولتور: بریتیە لەسەرجەم بوارەکانی رۆشنبیری و زمان و داب و نەریت و ئاین و پانتایی وەعی و لاوەعی و کەش وهەوای کۆمەڵایەتی و فیکرو ئەدەب و هونەرو مێژوو دەگرێتەوە بەمانایەکی دیکە مەبەست لە کولتوور بواری شارستانی و ئامادەبوونی ماددی و مەعنەوی دەگرێتەوە. سێر ئیدوار تایلەر لەکتێبی کلاسیکی خۆی بەم چەشنە پێناسەی کولتوور دەکات" کولتور کۆمەڵەیەکی ئاڵۆزە لە مەعریفە، بیروباوەڕ، هونەر، ئەخلاق، یاساو ڕێساکان، داب و نەریت و هەموو تواناو عادەتێکی دیکەی مرۆڤ وەك ئەندامی کۆمەڵگا وەریاندەگرێت". لەم پێناسەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە کولتوور پەیوەندیەکی قوڵ و بەهێزی بەژیانی تاکی کۆمەڵگاوە هەیە کەلێجیابوونەوەی کارێکی دژوارەو ماناکانی ژیان بۆ تاکی ناو کۆمەڵگا تەواوناکات. بۆیە کولتوور زیندووکردنەوەی پانتایی یادەوەری رابردووە کە دەشێت ئەو یادەوەریە بوون و ئامادەبوون و خۆ سەلماندنە بەجۆرێك داگیریان کردبێت کە لە ئێستاشدا فاکتەری بوون و ئامادەبوون و سەلماندن پێکبهێنێتەوە. بەمانایەکی دیکە ئامادەکردنەوەی ئەو رابردووە زەمینە بۆ بوونی ئێستاو ئایندە خۆشدەکات بۆیە هیگڵ دەڵێ" کاتێ پێویست دکات توێژینەوەی رابردوو بکەین و خۆمان بەدونیایەکی دوور لەخۆمان خەریك بکەین ئەوا(ئێستا)لەبەر دەمماندا دەردەکەوێ" دیارە هەموو کۆمەڵگایەك خاوەنی شارستانیەتیەکی تایبەت بەخۆیەتی ئەم شارستانیەتە ئاڕاستەکانی ژیانی کۆمەڵگا دیاری دەکات لەسەرجەم بوارەکانی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە پەیوەندیەکی بەهێز لەنێوان کۆمەڵگاو کولتووری کۆمەڵگادا هەیە. یەکێك لەلایەنە بەهێزەکانی کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی لایەنی روحیە وەك هیگل دەڵێ" تیشکی روح لەئاسیاوە دەردەکەوێ" لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی کۆمەڵگایەکی فرە ئاینیە بەڵام ئەوەی جێگەی پرسیارە ئەوەیە کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵگەیەکی توندو تیژو شەرانگێزە؟ ئایا ئەم دیاردانە پەیوەندیان بەکوێی کۆمەڵگاوە هەیە؟ ئایا ئاین یان دەسەڵاتی سیاسی یا کۆمەڵگا خۆی یان کولتووری کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی کولتورێکی توندو تیژو شەڕانگێزە. دیارە ئاین چەندان (ئایەت و حەدیس و پەیام و دروشم)ی جوانی لەسەرسەرجەم بوارەکانی ژیانی مرۆڤ پیشاندەدات وەك(پاراستنی عەدالەتی کۆمەلایەتی، ئاشتی، برایەتی، رەوشتبەرزی، دەستپاکی، نەرم ونیانی کە رەوشتێکی بەرزی پێغەمبەرانە﴿د٠خ﴾....هتد) دیارە ئەمانە چەندین داب و نەریتی جوانی ئاینن بەڵام بەداخەوە ئێمە کاری پێچەوانە لەناوماندا زۆر بە ئاشکرا دیارەو هەستی پێدەکرێ و ئاوڕی لێنادرێتەوە، بەڵام لەناو کۆمەڵگای کوردی وەك کۆمەڵگایەکی خاوەن خاك و ئاوهەوا داگیرکراو کلتوری بێگانە بەسەردا سەپاو کە ئەمەش بەدرێژایی مێژوو کاریگەری خراپی لەسەرمان درووست کردووە تا ئێستاش باجی ئەم خراپانە دەدین بۆیە پێویستمان بە رزگاری نەتەوەیی هەیە لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتانی داگیرکەر بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی بۆ ئەوەی بتوانین شۆرشێکی رێنیسانسی گەورەی کولتووری بکەین بەم شێوازە:-

١-دەبی کولتووری کورد لەژێر دەسەڵات و کاریگەری کولتوری داگیرکەراندا دەربهێنری.

٢-دەبێ پرۆسەی شۆڕشی رێنیسانسی کولتووری کوردی دەست پێبکات.

هەروەها پێویستە روحی لێبوردەیی لەناو کورددا وەك ئامانجێکی گرنگ دروشمێکی درەوشاوەیی ژیان پەرەی پێبدرێت، تاکی کوردی لەسەر پەروەردە بکرێت. هەروەها پێویستە گیانی رەخنە لەخۆگرتن ببێتە پەیامێکی ئاسایی. هەموو مرووۆڤێك رەخنەگرتن زۆر بە ئاسایی قبوڵ بکات دوور لە قودسیەتدان بەهیچ کەسێك یان سەرکردەیەکی سیاسی و ئاینی بەڵام دەبی رەخنەش دروستکەر بێت دوور لەگیانی تەشهیرو دووبەرەکی بۆ ئەوەی جارێکی دیکە کۆمەڵگا بنیاتبنرێتەوە ئەویش بە پەروەردەیەکی راست و دروستی دوور لەگیانی توندو تیژی کە سەرجەم کایەکانی ژیان بگرێتەوە.



# ئەزموونی خۆناسین "شەرمنی"



و/ م. خالید ابراهیم

پێناسەی شەرمنی چیه؟

یەکێک لە پێناسەکانی شەرمنی دروست بونی گرفتە لەبەستنی یەك پەیوەندەی باش لەگەڵ دەوروبەر. بۆ هەندێك کەس ئەو کێشانەی کە لە ئەنجامی شەرمنیەوە سەرهەڵدەدن. لەوانەیە ببێتە هۆی نیگەرانیو دڵەراوکێو ئازاری جەستەیی. لەهە رکاتو شوێنێکدا شەرمنی دەتوانێت شوێنەواری خراپ لەسەر پەیوەندیەکانی مرۆڤ بەدەوربەریەوە جێ بهێڵێ. یەکێکی تر لە گرفتە سەرەکیەکانی کەسی شەرمن ئەوەیە کە لە هەلو مەرجو کاتی پێویستدا ناتوانێت بە ئاسودەیی بریار بدات.دکتۆر (فلیپزی مبارد)یەکێك لە پێشەنگەکانی لێکۆڵینەوە دەربارەی کەمروییو شەرمنی دەڵێت ئەو کەسانە نازانن چۆن گفتوگۆیەك دەست پێبکەن یاخود پرسیارێك لە پۆلدا بوروژێنن. کێشەی مرۆڤی شەرمن ئەوەنیە کەنازانێت چ بلێت. بەڵکو ئەو کەسانە لە دەرخستنو ڕاگەیاندنی داواو زانیاریەکانی خۆیان تووشی گرفت دەبن. ئەو کەسەی زۆر شەرمنە تەنانەت زەردەخەنەیەك یاخود سلاوکردنێکی بەکێشە دەزانێت. هۆکاری ئەوەی کە مرۆڤی شەرمن ناتوانێتو مەیلی نیە. هەستی خۆی دەربرێت ترسێکی ناخود ئاگایە ترسی ئەوەی (نەکا دەوروبەر گوتە یان رەفتارەکەی بە ساختە بزانن یان پێی بلێن ئەوە خۆی دەنوێنێ)و هەر لەبەر ئەوانەشە کەوا مرۆڤی شەرمن زۆر ووشكو ساردو سڕ دێتە بەرچاو.

نیشانەکانی شەرمنی:

دڵەراوکێو لەدەست دانی باوەر بەخۆبوون.

لەدەست دانی کۆنترۆڵو منجەمنج لەکاتی قسەکردن لەگەڵ بەرامبەر.

بێ توانایی لە بریاردانی دروست لە جێی خۆیدا لەکاتی ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ بابەتە جیاوازەکاندا.

لاوازی لە بەستنی پەیوەندیەکی ئاسایی زەردەخەنەیەك کە یان سەیرکردنی چاوی بەرامبەرو پارستنی باری ئاسایی دەروون لەوکاتەدا . سەرەڕای ئەمانە دەکرێت شەرمنی هۆکاری سەرەکی هەبێت لە دەستدانی ئیرادەی بەهێز. کەسی شەرمن دەبێت هەندێك کاتی خۆی تەرخان بکات بۆ بیرکردنەوە لە ئەنجامی هەندێك کاری سادەی وەك چوون بەمیوانیەك دەست پێکردنی دەمەتەقێیەك لەگەڵ هاوپۆلێکی سەرەئەنجامی ئەم کارە ئاساییانە بۆ کەسێکی شەرمن دەکرێت مایەی بیر لێکردنەوەو ترس بێتو . مێشك هەلگوشینی زۆر بێت. ئەگەر چی ترسێك کە لە ئەنجامی روداوێکی واقیعی دروست دەبێت گەورەترە لەو ترسەی کە لەئەنجامی شەرمنیەوە سەرهەڵدەدات . بەلاّم لە هەردوو بارەکە مرۆڤ دەشڵەژێنێتو هەمان کاریگەری هەیە.

ئایا من شەرمنم؟

بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنتەوەی ژێرەوە. وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوەو ئەو خاڵانەی کە بۆ وەڵامەکان دانراون هەژماریان بکەنو لەدوایدا سەرنجی ئەنجامەکان بدەن.

بۆ وەڵامی (هەرگیز) سفر خاڵ دابنێ

بۆ وەلاّمی( بەدەگمەن) ١ خاڵ دابنێ

بۆ وەڵامی (هەندێك جار)٢ خاڵ دابنێ

بۆ وەڵامی (زۆر جار) ٣ خاڵ دابنێ

بۆ وەڵامی (هەمیشە) ٤ دابنێ.

ئەم تاقیکردنەوە لە سەداسەد زانستی نیە بەلاّم بۆ زانینی ئەوەی کە شەرمنی چەندە گرفتو کێشەی بۆ درووست کردون بەسوودە.

پرسیارەکان:

١.ئایا لەپەنا خەڵکێکدا کە تازە ناسیوتە یان بینیوتە تووشی دڵەراوکێ دەبێت؟

٢.ئایا بۆ خستنە رووی بابەتێك کە جار جارە لەگەڵ برادەرێکت دا باسی دەکەی سەرت دادەخەی بەرامبەری؟

٣.ئایا کاتێك قسەیەکت دەست پێ کردووە بتهەوێت بەردەوام بی لەسەری تووشی شڵەژان دەبیت؟

٤.ئایا تاکو ئێستا لەکاتی قسەکردندا لەگەڵ کەسێك کە بەباشی تێکەڵاوی نیت تووشی منجەمنج یان تەتەڵەی زمان بوویی؟

٥.ناوە ناوە هەست بەکەسانێك دەکەیت لە دەروروبەرت کە ڕووی لەیەکچویان لەگەڵ تۆدا هەیە؟

٦.ئایا تەنانەت بۆ قسەکردن لەگەڵ کەسێك کە پەیوەندیت هاوبەشو نزیکە لەگەڵیدا تووشی گرفت دەبیت؟

٧.ئایا رێدەکەوێت لەکاتێکدا کە قسەیەکت بۆ گووتن هەیە نەتوانییت قسە بکەیت؟

٨.ئایا تا ئێستا بیرت لە بابەتێك کردۆتەوە کە پێشتر نەتتوانیوە قسەی تێدا بکەیت؟

٩.ئایا رێکەوتووە لەگەڵ دەستەیەك هاوسەفەریتو هەست بکەیت لەگەڵیاندا نایەیەتەوە؟

١٠.ئایا هەست دەکەیت دەووروبەرت تۆ بەکەسێکی ووشكو ساردو گۆشەگیر دەزانن؟

١١.ئایا حەزدەکەیت لە چوون بۆ میوانیەك تەنها لەبەر ئەوەی کە دەبێت لە گۆشەیەکدا بەبێدەنگی دابنیشیت پاشگەز ببیتەوە؟

١٢.ئایا کاتێك بتهەوێت رەفتاری کۆمەڵایەتیانەو دۆستانە بنوێنیت هەست بە گوناح دەکەیت هەست دەکەیت ئەو رەفتارەت ساختەیەو هیی واقیعی خۆت نیە؟

١٣.ئایا کە تۆ دەتەوێت قسە بۆ کۆمەڵێك بکەیت تووشی شڵەژان دەبیت؟

١٤.ئایا هەست دەکەیت دەووروبەرت باشتر ناوت دەهێنن وەك لەوەی تۆ ناویان دەهێنیت؟

١٥.ئایا متمانەت بەدەنگت هەیە پێت وایە دەنگت باشە؟

١٦.ئایا بۆ پێکەنینت یان زەردەخەنەت بەرامبەر کۆمەڵێك تووشی کێشە دەبێ؟

١٧.ئایا رێکەوتوە لە پەنا خەڵکی تر نەتوانی بە ئاسودەیی دابنیشیتو خۆت خر کردبێتەوە؟

١٨.ئایا رێك کەوتووە سەیرکردنی چاوی بەرامبەرەکەت لاگران بووبێت؟

١٩.ئایا دەربرینی خۆشەویستی بۆ بەرامبەرەکەت تووشی گرفتت دەکات؟

٢٠.ئایا پەیوەندیەکانت لەو ئەندازەی کە خۆت پێت باشە کەمترە؟

٢١.ئایا قسەکردنت لەگەڵ رەگەزی بەرامبەرت تووشی دڵەراوکێیت دەکات؟

٢٢.ئایا قسەکردن لەگەڵ کەسی جلو بەرگ جوانو لەشو لار جوانی رەگەزی بەرامبەرت گرانە بەلاتەوە؟

٢٣.ئایا کەسێك کە مافی تۆ بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاردێنێ بۆ

بەرگریکردن لە مافەکەت تووشی ترسو دڵەراوکێ دەبیت؟
٢٤.ئایا بۆ وەڵام دانەوەی کەسێك بەتوانجو پلار قسەت لەگەڵ دادەکات یان بەنمونە (کرێ سەیارەکەت)بۆ دەدات تووشی گرفت دەبیت؟
٢٥.ئایا بەلاتەوە گرانە داوای شتێك لە دەوروبەرکەت بکەیت؟
٢٦.ئایا رەت کردنەوەی داواکاری دەوروبەرت بەلاوە گرانە؟
٢٧.ئایا لەیەکتر ناسینی رۆژانە دا کێشەت هەیە؟
٢٨.ئایا لەکۆتایی هێنان بەقسە کێشەت هەیە (نەزانیت چۆن کۆتای بەقسە بێنیت)؟
٢٩.ئایا هەست دەکەیت کە زۆربەی کەسان بێ دەنگی بە قسەی بێ هودە پردەکەنەوە واتا بێدەنگبن باسترە؟
٣٠.ئایا هەست دەکەیت کە هەرچەندە زیاتر قسەبکەیت ئەگەری ئەوەی کە لەوانەیە قسەی بێ مەعنا بکەیت زیاترە کەواتە بێ دەنگ بیت باشترە بۆ ئەوەی دەوروبەرت بە هۆشمەندت بزانن؟

خاڵەکان:

ژمارەی خاڵەکانت لەم تاقیکردنەوەیەدا لانی کەمی (سفر)وە لایەنی زۆری (١٢٠) سەدو بیست خاڵە. هەرچەندە ژمارەی خاڵەکانت زیاتر بێت ئاستی شەرمنیت زیاترە ئەگەری کەسێك ببێتە خاوەنی لایەنی کەم یان لایەنی زۆری ئەو خالاّنەی زۆر دەگمەنە. بەهەر حاڵ هەرچەندە ژمارەی خاڵەکانت زیاتر بێت، زیاتر پێویستت بەهۆشو چرکردنەوەیە بۆ زاڵ بوون بەسەر شەرمنیدا. ئەم تاقیکردنەوەیە تەنها بۆ دیاریکردنی ئەندازەی شەرمنی ئێوەنیە. بەڵکو ئاگادارتان دەکات ئاخۆ کام لایەنی شەرمنیتانگرتووە . بۆ ئەوەی بتوانیت لەم لایەنەوە زیاتر کاربکەیت.

بۆ زاڵبونت بەسەر کەم کوریدا پێویستت بەراهاتنو کۆششی زۆر هەیە. بەلاّم ئەو خالاّنەی کە پێویستە لە بەرچاوبگیرێن زۆر سادەن. ئەگەر شەرمنی پێشنیارت بۆ دەکەم یەکەم هەنگاوت بۆ زاڵبون بەسەر شەرمنیدا ئەوەیە کە هەوڵ بدە ئەو کەسانەی کە دەیان ناسیت لێیان نزیك بیتەوە. تێکەلاّویان دەست پێ بکەم ئاوێتەبوون لەگەڵ خەڵکدا باشترین رێگای زاڵبوونە بەسەر شەرمنیدا. یەکێکی تر لە خاڵەکان ئەوەیە کە ئەولایەنانەی دەبنە هۆی شەرمنی تۆ کێشەو گرفتن بۆ. ریزیان بکەو بە لەبەرچاو گرتنی توانای خۆات. هەوڵبدە یەك بەیەك رووبەروویان ببیتەوە بۆ زاڵبوونبەسەریاندا خۆت رابهێنە کە لەلایەن دەوروووبەرتەوە شیرینو سەرنج راکێش بیت. لەبارەی خۆیانەوە پرسیاریان لێ بکەو کاتێك وەڵامت دەدەنەوە سەرنجیان بدیەوە ئەوشتانەی کە پێت دەڵێن لە بیرت بێت تاکو لە ئایندەدا. دەربارەی ئەوشتانە دووبارە قسەیان لەگەڵ دابکەیت.

# "کوشتنی ئافرەت لە نێوان شەرەف و نەبونی هۆشیاری کۆمەلاّیەتیدا"

راوێژ محەمەد
Rawejshamam@yahoo.com

ماوەیەکە کوشتنی ئافرەت بە بیانووی جۆراوجۆر لە ژێر پاساوو ناوی جیاوازدا بە رێژەیەکی بەرچاو رووی لە زیادبوون کردووە. رۆژ نیە کە گوێبیستی هەواڵی کارەسات ئامێزو پر لە تراژیدیا نەبین کە ئافرەتە بێگوناهەکانە دەبنە قوربانی کولتوری پیاوسالاری‌و دەستی کۆمەڵگەی شکەستو دوواکەوتوو، لێرەدا کە دەڵێم کۆمەڵگەی شکەست مەبەستم ئەوەنیە کە کۆمەڵگاکە خۆی لە بنەرەتەوە خراپ بێت. بەڵکو تاکەکانی لەسەر پرەنسیپی کەلتورێکی نێگەتیفو نەزانانە پەروەردەکراون کە بەشێکی زۆری تاکی رۆژهەلاّتی هەمان پەروەردەیان هەیە کە قوربانیەکانی ئەم کەلتورە جەستەی پەری ئاسای ئافرەتە کە دەبێتە قوربانی غەریزە شەڕانگێزەکانی پیاوە دڵ ڕەقەکان. ئاخۆ دەبێت ئافرەتی کورد هەر لە سەرەتای ئەفراندنیەوە بۆ ئەوە هاتبێتە ژیان کە ببێتە کۆیلەی پیاو؟؟ یان پیاوەکان هەر لە ئەزەلەوە وەها دروست کرابن کە دەسەلاّتی ڕەهای هەبێتو فێری چۆنیەتی پاوان کردنی دەسەلاّت کرابێت؟؟ بە تەنەتها پیاو خاوەنی بریابێت؟؟ ئەمرۆ ئێمە لە سەدەی بیستو یەكو سەردەمی تەکنۆلۆژیاو بەجیهانی بووندا دەژینو لە زۆربەی جیهاندا چەمکە کۆمەلاّیەتیە دواکەوتووەکان بەرەو نەمان چوونو لە شوێنیدا هۆشیاریەکی بەهێزی کۆمەلاّیەتی کار دەکاتو ئەو وشە ڕەشەی کە ناوی "شەرەفە" بایەخێکی ئەوتۆی نیە کە ژیانی مرۆڤێکی لەسەر بسرڕێتەوە. کەچی لەناو کۆمەڵگەی ئێمەدا کوشتنی ئافرەت نەك بە تەنها بوونی هەیە بەڵکو واخەریکی گەشەسەندنەو دەمانگەرێنێتەوە بۆ سەردەمی خێڵایەتی‌و دەبێتە دیاردەیەکی رۆژانەی ئاسایی کە تەنها وەك هەواڵێکی سەرەتایی دەیبیستین‌و بیرمان دەچێتەوە. بێگومان ئەو فاکتەرە سەرەکیەی کە پاڵنەرە بۆ نواندنی توندو تیژی ئەوەیە کە تاکی کورد بە شێوەیەکی گشتی لەسەر کولتورێکی هەڵە دروست کراوەو بەردەوام ئایدۆلۆژیایەکی نێگەتیف بڕیار بۆ ژیانی ئێمەی کورد دەداتو عەقڵی کۆمەڵگە کراوە بە پێوەرێك بۆ چارەسەرکردنی ئاریشە کۆمەلاّیەتیەکان. چونکە ئەو کەسەی کە توندوتیژی ئەنجام دەدات ئەگەر بگەرێیتەوە بۆ کەسایەتیەکەی هەست بەوە دەکەیت کە تاچ ئاستێك هۆشیاری کۆمەلاّیەتی هەیە تەنها ئەوە دەزانێت کە ئەو کەسەی کە لەخۆی بچوکترە نابێت لەو بازنە کۆمەلاّیەتیە لابدات کە هەر لەسەرەتای ژیانیەوە بۆی کێشراوەو بەزاندنی ئەو سنورە دیاریکراوەکە دەبێتە هۆی لەناو بردنی.... با چیتر ئێمە کولتورو کۆمەڵگە تاوانبار نەکەین‌و هەوڵی بەمەدەنی بوون بدەین، تاکەکان فێری ئەوە بکرێن کە لەگەڵ واقعی ژیانێکی مۆدێرندا بژین. لێرەدا لە بەرامبەر کوشتنی ئافرەتاندا هەموو یەکێکمان بەرپرسیارین‌و بەرپرسی سەرەکی ئەم ئاریشەیە دەسەلاّتە کەدەبێت هەڵوێستە لەسەر رووداوەکان بکاتو بە دووای پاڵنەرەکانیدا بگەرێت نەك هەستێتە بە درووستکردنی دەزگاو رێکخراوی کارتۆنی کە تەنها تابلۆی سەر دیوارەکانیان ئاماژەیەك بێت بۆ ئافرەت، ناوەرۆکەکەیشی هیچ رەنگدانەوەیەکی ئافرەتانەی تێدا نەبێت.



# بێ کاری و ئاوەدانکردنەوە

و. موەفەق میراودەلی

بەچڕی باس لە ئاوەدانکردنەوەی عێراق دەکرێت، زۆرێکیش لەو کۆڕو کۆبونەوەو پێشەنگایانەش بەڵکو تەنانەت ئەو توێژینەوانەی سەبارەت بە ئالیەتی ئاوەدانکردنەوەی دەردەچوون زیادیان کردووە وەلێ بەبێ ئەوەی گرنگی بەجێبەجێ کردنی پێشنیارەکان بدرێت، بەلاّم لەئەنجامی گرنگی دان بەوتوێژینەوانە راستیەکی بایەخدارە دەرکەوت ئەویش ئەوەیە کەپێشنیارەکان پشت گوێ خراون.

ئەمەش بۆتە یەکێك لەمەترسیە گرنگەکانی سەر ئابووری عێراق، راستە ژێرخانی ئابووری پێویستی بە دووبارە ئاوەدان کردنەوەیە، بەلاّم لەبەرامبەر ئەوەدا ژێرخانی ئابووری سەرمایەی مرۆیی لەدەرەوی ویستو پسپۆڕیەتی کاردەکات ئەوەش دووبارە کاریگەری لەسەر دوبارە ئاوەدان کردنەوە هەیە، بۆ ئەمەش دەردەکەوێ کە پەیوەندیەکی جێگیر لەنێوان بێ کاریو ئاوەدان کردنەوەدا هەیە، پرۆسەی دووەم بریتیە لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە، بێگومان کار لەسەر کەمکردنەوەی بێکاریو دۆزینەوەی هەلی کاری گونجاو بۆ ئەوانە دەکات، وەلێ ئەمەش کلیلی سەرەکیە بۆ هاوکاری کردنی هێزی کاری عێراق. ئەگەر هەندێك لە کۆسپەکانی ئاوەدانکردنەوە شیبکەینەوە پێشەنگی کۆسپی بەردەم ئاوەدانکردنەوەی عێراق بۆ نائارامی دەگێڕنەوە کە ئەمەش دەگەڕێتەوە تێکڕای ئەو بێکاریەی هەیە، کە پێگەیەکی جوگرافیە لە باکوورەوە بۆ باشوور درێژدەبێتەوە، ناوەراستو رۆژهەلاّتو رۆژئاوای عێراق لەخۆدەگرێت، بەم شێوەیە بەرنامەی ئاوەدانکردنەوەی عێراق لەسەر بەشێکی جوگرافیای عێراق پەرش بووەو جێ بەجێ کردنی لەدەست عێراقیەکان دایەو کاردەکەن بۆ لە ئامێزگرتنی ئەو ژمارە زۆورەی هێزی کار. لەهەندێ ناوچەدا زۆر پرۆژەی تیادایە بەلاّم جێ بەجێ نەکراون‌و رێژەی بێ کاری دەگاتە لە (٧٠٪)تیایدا وەك پێشبینی دەکرێ گرفتی ناوچەکەش پەیوەندی بەلایەنی ئەمنیەوە هەیە، بەتایبەتی لەناوەراستی بەغداو ناوەراستو رۆژئاوای عێراق، بۆ ئەوەش دابین کردنی هەلی کار بۆ بێ کاران دەبێتە دەروازیەکی سەرەکی بۆ نەمانی تەنگژەو گرفتی ئەمنی کە گرفتە لەبەردەم دوبارە ئاوەدانکردنەوەی عێراق، لەپاشاندا دەروازەی چارەسەرکردنی گرفتی بێکاریو هاوکاریکریکردنی خێرا ئاوەدان کردنەوەی عێراق کۆتایی نایە تەنها بە هێنانەدی ئارامی نەبێت ئەویش لەرێگەی بەکارخستنی ئەو بێکارانەو هاوکاریکردنی حکومەت بۆ کەرتی تایبەتی عێراق، کاراکردن‌و هاوبەشیکردن لەگەڵ کەرتی تایبەت لەجیهانی دەرەوەدا لەرێگەی بەدەستهێنانی شارەزایی پراکتیکیانە، ئاشنابوون بە ئەزموونی جیهانی لەدووبارە ئاوەدانکردنەوەی عێراق، پاشان کەرتی تایبەتی عێراقی لەو میانەیەدا توانای وەرگرتنی ئەو بێکارانەی هەبێت، بێگومان وەرگرتنی زۆرێك لەو پرۆژانەی تایبەتن بە دووبارە بنیادنانەوەی عێراق بەتایبەت لەبواری ژێرخانی ئابووری کە حکومەت رۆڵی لەهێنانەدی خەونی گەلانی عێراق هەیە، پاشان خێرا ئاوەدانکردنەوەی عێراق کارکردنە لەسەر هەموو بوارەکانی (بازرگانی، ئاسنگەری، دارتاشی، گواستنەوە، ئامێرەکان .....هتد)لەبەرئەوە کارکردن لەسەر کەمکردنەوەی بێکاری لەکۆمەڵگەی عێراقیو بەشداریکردن لە خێرا ئاوەدانکردنەوەی عێراق دەبێتە دەروازی یەکەم بۆ دوبارە ئاوەدانکردنەوەی ژێرخانی ئابووری لەهەموو ناوچەکانی عێراق، لەبەرئەوە ئایا ئایندەی بەگەرخستنی بێکاری لەدووبارە ئاوەدانکردنەوەی عێراق دەبینین یاخود ئێمە چاوەڕێ دەبین کێ دەستپێشخەری دەکات بۆ لەئامێزگرتنیان.

سەرچاوە:-رۆژنامەی صەباح



# لە هەر باخچەی گوڵێك

●نووسەرانی قەرزدار:- لەناو نووسەرە ناودارەکانی جیهاندا قەرزداری، نەبوونی هەمیشە باوبووە لە هەموویان بە ناوبانگتر لە قەرزداری (بالزاك) نووسەری بەناوبانگی فەرەنسی، (دیستۆفسکی) نووسەری روسی، (چارلز دیکنز) نووسەری ناوداری ئینگلیز، کە ماوەیەکی زۆر دیکنز لە تافی لاوێتیدا بە هۆی قەرزدارییەوە خرایە زیندانەوە. ئەو بەردەوام قەرزی دەکردو نەشی دەتوانی لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا قەرزەکەی بداتەوە، بۆیە دەدرایە دادگاو زیندانی دەکرا، ئەم بێ پارەیی و قەرزارییە لە دوا نووسینەکانیدا بە زەقی رەنگی دابۆوە.

●لە ئامۆژگارییەکانی (مارك تواین):- مارك تواین نووسەری بە ناوبانگی ئەمریکی بەم شێوەیە ئامۆژگاری نزیکەکانی خۆی کردووە:- "کاتێ زۆر تورە دەبیت، پێش ئەوەی دەست بدەیتە هەرکارێك تا ژمارە (١٠٠) بژمێرە، ئەگەر کڵپەی ئاگری رق و قینت هەر لە هەڵچوندابوو تا ژمارە (١٠٠٠) بژمێرە، بەمشێوەیە هەرگیز تووشی پەشیمانی نابیت"

●هاوسەرگیری:- هاوسەرگیری (زواج) وەکو قەڵایەکی ئابڵوقە دراو وایە. ئەو کەسانەی لەدەرەوەی قەڵاکەن دەیانەوێت بچنە ناوی، بەڵام ئەوانەی لەناویدان هەوڵدەدەن دەربازببن و بێنە دەرەوە.

●پەند:- ئەگەر دەتەوێ بەختەوەر بژیت؛ زۆر بە ئاسانی بەختەوەر دەبیت، بەڵام ئەگەر بتەوێ لە خەڵکی بەختەوەرتر بژیت هەرگیز نایبینی، چونکە هەموومان خەڵکی بە بەختەوەرتر دەزانین و لە راستیدا وانییە.

●ئەوەیە پەروەردەو فێرکردن:- وڵاتی (ئۆروگوا) لە ئەمریکای باشوور، تاکە وڵاتی جیهانە کە بودجەی ساڵانەی وەزارەتی پەروەردەی لە بودجەی وەزارەتی بەرگری و جەنگ پترە (خۆزگەم بە حاڵی خەڵکەکەی!).

●لەبیرچوونەوە:- رۆژێك لە ئاهەنگێکدا ژنێکی جوان لە (ئەلبیرت ئەنیشتاین)ی داهێنەری گەورەی بواری فیزیکی نزیك دەبێتەوەو پێی دەڵێت: "مامۆستا من قوتابی تۆ بووم، زۆرت خۆشدەویستم تەنانەت جارێك پێشنیارت کرد شوت پێبکەم" ئەنیشتاین بە سەرنجەوە سەیری ئافرەتەکەی کردو گوتی: "ئۆۆۆ راست دەکەی بەبیرم ماوە، بەڵام نازانم ئایا شووت پێکردم یان نا؟".

●لە سێدارە دانی یۆنانییەکان:- لە یۆنانی کۆندا ئەوانەی حوکمی ئیعدامیان بەسەردا دەدرا، نە بەداردا دەکران و نە سەریان دەپەڕێندرا، بەڵکو ئێوارەی ئەو رۆژەی کە حوکمەکەی تێدا دەدرا جامێك (ژەهر) دەرخواردی مەحکوم دەدرا، تەنانەت (سوقرات)ی بەناوبانگیش بەم شێوەیە ئیعدام کراوە.

●خەوبێداری:- (سامرست موئام) نووسەری بەناوبانگی ئینگلیزی و بەرەندەی خەڵاتی نۆبڵ کە بەرهەمەکانی بەناوبانگن لە جیهاندا گوتویەتی: "بەلای منەوە دووکردار زۆر گران و قورسن، یەکەمیان شەوانە چاو چوونە خەو، ئەوەیتریان بەیانیان لەخەو هەستان".

●باشترین پاداشتی باوك:- بە نرخترین پاداشتێك کە باوك دەتوانێت بیدات بە جگەرگۆشەکانی ئەوەیە کە رێزی دایکی جگەرگۆشەکانی زۆر بگرێت.

●وەسیەتنامە:- پیاوێك لە وەسیەتنامەکەیدا نوویبووی: "من لە دارای دونیادا هیچ شتێك شك نابەم، برێکی زۆریش قەرزاری خەڵکم. ئەوەی دەمێنێتەوە دیکەمە دیاری بۆ هەژارو لێقەوماوان".

# وتەی ژیان

وەرگێرانی / ئومێد عومەر

ئەگەر نەتوانی لە کەسێك ببوری ، لە بەر گەورەیی گوناهەکانی نیە

بەڵکو لە بەر بچوکی دڵی تۆیە .

لە بیری بکە ئەوەی کە ناتوانی

وەدەستی بێنی ، بەڵام

وەدەستی بێنە ئەوەی کە ناتوانی لە

بیری بکەی .

ژیان وەکو شەتڕەنج وایە .. ئەگەر

نەیزانی هەوڵ دەدەن فێربیت ، بەڵام

ئەگەر باش یاریت کرد هەموویان

هەوڵدەدەن بدروخێنن ... !!!

دڵی مرۆڤ وەك دورگەیەکی نادیار وایە .

گرنگ ئەو کەسەنیە کە بۆ یەکەم جار

دەچێتە ئەم دورگەیە ، گرنگ ئەو کەسەیە

کە دورگەکە جێناهێڵێت .

هەوڵبدە جوانی لە نیگای تۆدابێت

نەك ئەوەی کە سەیری دەکەیت

عەشق کلیلی شاری دڵە بەڵام بەو شەرتەی

قفڵی دڵ نەسوابێت بە هەموو کلیلێك

بکرێتەوە .

ئەگەر کلیلی دڵێکت نیە ، قفڵی مەکە .

ئەگەر ماڵ ئاوایی لە ئارادایە ، سڵاو مەکە

ئەگەر دەستێکیشت گرت بەرەڵای مەکە .

## ئالان بابان:

# دەستنیشانکردنم بۆ هەڵبژاردەی سلێمانی گەورەترین خەونی وەرزشیم بوو

**دیمانە: عبدالرحمن ئەحمەد**

ئەگەر بمانەوێت باس لە رەوشی وەرزشو تۆپی پێی هەر سەردەمێك بكەین، ناكرێ ئامـاژە بەچـەند نـاوێكی دیـاری نـاو یاریگاكـانی ئـەو سـەردەمە نەكـەین، كـە سـاڵانێك بـێ پـسانەوە خزمـەتیان بـە شـارەكەیان كـردووە.. لـەماوەی نێـوان سـەردەمی هەشـتاكانو نەوەدەكانیـشدا، یاریزانێك لـە شاری رانیە هەڵكەوت كە بەراستـی تـاكو ئێـستا راگەیانـدن لـە بەرامبەریدا كەمتەرخەم بووە كاك(ئالان جەمال بابان)بوو، ئەو تەواو یاریزانێكی تۆپی پێ بـوو كـە هەموو خەسڵەتەكانی هێرشبەرو گۆڵكەری تێدابوو چـونكە لەهەموو لاكانو بەهەموو شێوەكان گۆڵی دەكردو بردنەوەی بۆ تیپەكەی دەستەبەر دەكـرد.. ئـەو یـاری بـۆ یانـەكانی رانیـەو كەمال سـەلیمو لەگەڵ یانـەی سلێمانیشدا لەبەرامبـەر یانـە بـەهێزەكانی پلەیەكـی عێراقدا یاری كردووە بۆیە زۆر بە گرنگمان زانی كـە ئـەم ژمارەیـەی گۆڤارەكـەمان ئـەم دیمانـەیـە لەگـەڵ ئـەو وەرزشكارە لێهاتووە ساز بدەینو چەند پرسیارێكی تایبـەتی لـێ بكەینو ئەویش بەمشێوەیە هاتە وەڵام.

**زنار: سەرەتا با كاك ئلان باشتر بناسین**

ئالان بابان: ناوم "ئـالان جـەمال محمـد"ە و بە (ئالان بابان)ناسراومو لەدایكبووی شاری رانیە ساڵی ١٩٦٨مو بڕوانامـەی (دبلۆم)مـم هەیەو خێزاندارمو سێ منـداڵم بەناوەكـانی (رێـدین، رەهەنـد، ئـەرینا)و ئێـستا بەڕێوەبـەری بەڕێوەبەرایـەتی بـاجو دەرامەتی رانیەم.

**زنـار: سـەرتای تیكـەڵاوبوونت بـە وەرزشو تۆپی پێ چۆن بووە**

ئـالان بابـان: سـەرەتای تێكـەڵاووبوونم وەك هـەر وەرزشـكارێك لـە چـالاكی قوتابخانـەكانـەوە بـووە، بـەڵام دەسـتپێكی ئاشنابوونم بە یاری تۆپی پێ بۆ سـاڵی ١٩٨٣ دەگەڕێتەوە لەگەڵ تیپی لاوانی رانیە.

**زنار: بۆچی یاری تۆپی پێت هەڵبژارد**

ئـالان بابـان: هـەر لـە منداڵیـەوە شـەیدای تۆپـی پـێ بـووم، زیـاتر لەبـەر ئـەوەی یاریەكی دیارو زۆرترین هانـدەری هەیـە لـە جیهاندا.

**زنار: ئەو تیپانەی یاریت بۆكردووە**

ئـالان بابـان: بەدرێـژایی تەمـەنی وەرزشیم



لـەناو یاریگاكانـدا یـاریم بـۆ ئـەو تیپانـە كردووە، ساڵی (١٩٨٣ - ١٩٨٦) بۆتیپی لاوانـی رانیـەو سـاڵی (٨٦بـۆ ١٩٩٢)یـاریم بـۆ تیپـی كێوەڕەشو هەڵبـژاردەی رانیـە كـردووە، لـە سـاڵی ١٩٨٩- ١٩٩٠ لەگـەڵ یانـەی وەرزشـی هـەولێرو هـەمان سـاڵ بـۆ هەڵبـژاردەی پەیمانگاكانی عێراق هەڵبژێردرامو ساڵی ٩٢ بۆ ٩٤ یـاریم بـۆ یانـەی وەرزشـی سلێمانیو ساڵی ٩٤بۆ ٩٧ لەگەڵ یانەی كـەمال سـەلیمو هەڵبـژاردەی سـلێمانیو سـاڵی (١٩٩٧- ٢٠٠١) لەگەڵ یانەی وەرزشی رانیە یاریم كردووە.

**زنـار: لـە ژیـانی وەرزشـیتدا خـۆت بـە قەرزداری كێ دەزای**

ئـالان بابـان: هانـدەری سـەرەكیم(م.وشـیار فەتاح)و خوالێخۆشبوو كاك (ئازاد میرزا)یـە لە رانیەو لە سلێمانیش خۆم بـە قـەرزداری (م. ئازاد وەهابو عومەر خەتابو خەسـرەو گورون)دەزانم.

**زنـار: بـەڕای تـۆ كـێ شایـستەی باشـترین كەسایەتی وەرزشی لە ئێستاو لە كۆندا**

ئالان بابان: بە رێزان(م. وشیار فەتاحو كـاك ئـەكرەم محمـد ئـەمینو كـاك سـاڵح عەلـی وەیـس) نموونـەی كەسـایەتی وەرزشـیو باشـترین كەسـایەتی وەرزشـین لـە شارەكەماندا كە ئیستاش بەردەوامن.

**زنار: دەڵێن تـۆ یـەكێكی لـە دامەزرێنەرانـی یانەی كەمال سەلیم**

ئـالان بابـان: بـەڵێ لـەدوای هەڵبـژاردنم بۆیانـەی سـلێمانی سـاڵی ١٩٩٢ لەگـەڵ كۆمەڵێك لە یاریزانانی سلێمانی ساڵی ١٩٩٤ ئەوكاتەی كە كەمال سەلیم تیپ بـوو ئێمـە یانەی (كەمال سەلیم)مان دامەزرانـدو مـن یەكێك بووم لەسەرەتای دامەزراندنی یانەی وەرزشی كەمال سەلیم.

**زنـار:بەرامبـەر یانـەكانی بەغـدادو عـیراق یاریت كردووە**

ئالان بابان: بـەڵێ لـە سـاڵی ١٩٩٢ ئەوكاتـەی كـە لەگـەڵ یانـەی وەرزشـی سلێمانی بـووم یـاریم بەرامبـەر یانـەكانی (زەوراو قـوەی جەویەو شوڕتەو تەڵەبەو میناو دیوانیـەو نەجـەفو...هتـد)و سـەرجەم یانـە پلەیەكەكانی عیراق كردووە.

**زنـار:بەگـشتی یـاری تۆپـی پـێ چـی بەتـۆ بەخشیوە**

ئـالان بابـان: تۆپـی پـێ زۆر شـتی بەمـن بەخـشیوە بـەڵام لەهـەموویان گرنگـتر رێزگـرتنو خۆشەویـستی خـەڵكی بەمـن بەخشیوە.

**زنار: ئێستا نێوانت لەگەڵ وەرزشدا چۆنە**

ئالان بابان: من ناتوانم لە وەرزش دابڕێمو ئێستاش لەگەڵ یاریزانە دێرینـەكانی رانیـە یاری دەكەمو چەند یاریـەكی دۆستانەشمان ئەنجام داوە.

**زنار:رات لەسەر تۆپی پێی رانیە لە ئەمڕۆدا**

ئـالان بابـان: بێگومـان جیاوازیـەكی زۆری هەیـە لەگـەڵ رابـردوو، بۆئەمـەش هـەوڵو كۆشـشو مانـدووبوونێكی زۆری دەوێ تـا دەگاتەوە ئەو ئاستەی تۆپی پێی رانیـە كە لە پێشودا هەبووە.

**زنار: تـۆ كـە یاریزانێكی (پیشەگەر)بوویت رات چییە بەرامبەر دیاردەی پیشەگەری لە یاری تۆپی پێدا.**

ئالان بابان: پیشەگەری (احتراف) لـە تۆپـی پێـدا زۆر باشـە، چـونكە یـاریزان زیاتـر تێكـەڵاو دەبێـتو توانـاو لێهاتوویی زیـاد دەكـاتو ئاسـتی بـەرەو باشـتر دەڕواتو یاریزانێكی بە ئەزموون دەبێت.

**زنار: پێتوانییە تۆپی پێ لـە وڵاتـی ئێمـەدا بنەمایەكی زانستی نییە**

ئـالان بابـان: بێگومـان تۆپـی پـێ لای ئێمـە لەسـەر بنـەمای زانستی نییـە، چـونكە تـا ئێستا قوتابخانەیەك نییە تایبەت بـە تۆپـی پێ هەر بۆیە زۆرمـان مـاوە بگەینـە ئاسـتی وڵاتـان بەتایبـەتی لـە ناوچـەكەماندا مانـدووبوونو هـەوڵی زۆری دەوێـت، تـا بنەمایـەكی زانـستی دروسـت بێـت كـە زۆر



گرنگە هەبێت.

زنار: خۆشترین کاتی وەرزشیت

ئالان بابان: زۆرن ساتە خۆشەکانی وەرزشیم، بەڵام سەرکەوتنی یانەی وەرزشی رانیە بۆ پلە نایابەکانی کوردستانو هەڵبژاردنم بۆ هەڵبژاردەی سلێمانی ساڵی ١٩٩٢ و هەڵبژاردنم بە باشترین یاریزانی سلێمانی لە ساڵی ١٩٩٣و ١٩٩٤و ١٩٩٩٥ دا سپۆرترین یاریزانی ساڵی ١٩٩٦لە خۆشترین کاتەکانی ژیانی وەرزشیمە.

زنار: ئەی ناخۆشترین کاتی وەرزشیت

ئالان بابان: ساڵی ١٩٩٣ لە یاری کۆتایی خولی شەهید (غەریب هەڵەدنی)لە دوکان بە تیپی لاوانی یانەی سلێمانی دۆڕاین بە ئەنجامی (١X٢)گۆڵ کە شایستەی دۆڕان نەبووین.

زنار: لەسەردەمی ئێوەدا گوێڕایەڵی تەواوی ام. وشیار فەتاح)دەبینرا هۆکارەکەی چی بوو.

ئالان بابان: مامۆستا وشیار کەسایەتیەکی دیاری ناوچەکەو مامۆستاو راهێنەرو فێرکەرمان بووەو زۆر بە لەخۆبوردوانەو ماندوونەناسانە خزمەتی بە وەرزشی رانیە کردووەو کەسێکی دڵسۆزو بە پەرۆش بووەو ئێمە هەمووومان هەستمان بە لێپرسراوێتی ئەو دەکرد بەرامبەر بە خۆمانو شارەکەمان.

زنار: هەستناکەی جێگەی ئێوە بەتایبەتی تۆ وەکو گۆڵکەرێک ئەمرۆ لە رانیە چۆڵەو نەگیراوەتەوە

ئالان بابان: با ئەم پرسیارە هاندەرانو جەماوەری وەرزشی رانیە وەڵامی بدەنەوە.

زنار: بۆچی رووت نەکردۆتە بۆواری راهێنان

ئالان بابان: لە بواری راهێناندا کارم کردووەو ساڵی (١٩٩٨- ٢٠٠) راهێنەری یانەی وەرزشی رانیە بووم، بە لام ئێستا سەرقاڵی بەڕێوەبەردنی بەڕێوەبەرایەتی باجی دەرامەتی رانیەمو بۆم ناکرێت.

زنار: لەکاتی یاریکردن لەگەڵ کام یاریزاندا ئاسودەبووی

ئالان بابان: لەکاتی یاریکردندا زۆر لەگەڵ مامۆستا وشیار فەتاحو کاک ئارام، ئاسودە بوومو لە سلێمانیش زیاتر لەگەڵ یاریزانان (شاهۆ حەمە فەرەج)و(حەمەی کەریم)و (محمد عەبدولا) ئاسودەبوومە.

زنار: بە کام یاریزان سەرسام بووی

ئالان بابان: لە کوردستان بە یاریزانان ( شاهۆ حەمە فەرەج)و ئێستاش لە جیهاندا بە یاریزانان( کاکاو میسی) زۆر سەرسامم.

زنار: ئاشناییت لەگەڵ تۆپی پێ ی قەڵادزێ چۆن بووە

ئالان بابان: زۆر باشمو پەیوەندی دۆستایەتیمان لەگەڵ کۆمەڵێك لە یاریزانانی قەڵادزێدا درووستکردووە بە بۆنەی وەرزشو یاریکردنەوە.

زنار: جیاوازی چیی هەیە لەنێوان تۆپی پێی لە رابردوودا و بەڕێوەبەری کارەکەت لە ئێستادا

ئالان بابان: لەهەردوو بواردا قازانجێکی زۆرم کردووە، ئەویش بە تێکەڵاوبوونم لەگەڵ زۆربەی خەڵك کە رێزگرتنو یەکتر ناسینو درووستبوونی پەیوەندیەکی فراوانیان پێداومو ئەمەش بۆمن گەورەترین سەروەریە.

زنار: خەونێکی وەرزشیت کە هاتبێتە دی

ئالان بابان: هەڵبژاردنم بۆ هەڵبژاردەی سلێمانی گەورەترین خەونی وەرزشیم بووە کە هاتۆتەدی.

زنار: ئەی ئەو خەونەی کە نەهاتۆتە دی

ئالان بابان: ساڵی ١٩٩٦ ئەوکاتەی لەگەڵ یانەی کەمال سەلیم یاریم دەکرد، تەنها بە جیاوازی یەك خەڵ بووینە دووەمی خولی یانە پلەیەکەکانی کوردستان کە یانەی برایەتی بوو بە پاڵەوانی خولەکە.

زنار: جوانترین گۆڵ کە تۆمارت کردبێ

ئالان بابان: جوانترین گۆڵم لە یانەی چوارباخ کرد ساڵی ١٩٩٥لە یاری کۆتایی خولی جامی سلێمانی دوای ئەوەی کە تا دواساتەکانی یاریەکە (١X١) یەکسان بووین بەڵام بە شووتێکی بەهێز لە ناوەڕاستی یاریگاوە گۆڵێکم تۆمارکردو یاریەکەمان بردەوە بە ئەنجامی ٢بە ١ گۆڵو بووینە پاڵەوانی خولەکە.

زنار: ئەگەر چەپکە گوڵێکت بەدەستەوەبێ پێشکەشی کێی دەکەی

ئالان بابان: پێشکەشی گۆڕی خوالێخۆشبوو وەرزشکاری دێرین (ئازاد میرزا)ناسراو بە (ئازادە رەش )ی دەکەم.

زنار: ئەی کە کارتێکی سوورت بەدەستەوەبێت بەرووی کێدا بەرزی دەکەیەوە

ئالان بابان: بەرووی ئەو یاریزانەدا بەرزی دەکەمەوە کە هەست بە لێپرسراوێتی ناکەن لە دەرەوەو ناوەوەی یاریگا.

زنار: بیرەوەریەکی وەرزشی ئەگەر لەبیرت بێت

ئالان بابان: دووبیرەوەری زۆر گرنگم لەگەڵ یانەی سلێمانی هەیە، یەکەمیان گۆڵی دووەمو بردنەوەم لەیانەی (زەورا) کە لە رۆژنامەی (بعث الرياضي)بلاوکرایەوەو دووەمیان گۆڵی بەرامبەری یانەی سلێمانی لە یانەی (نەجەف) لە خولی پلەیەکەکانی عێراق.. بێگومان بیرەوەریەکان زۆرن.

زنار:کاک ئالان زۆر سوپاس ئێمە هیچمان نەماوە.. دوا وتەت

ئالان بابان: لە کۆتاییدا زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ئەو بەسەرکردنەوەیەو سەرکەوتووبن.

# هەولێر لەترۆپکی یانەکانی عێراقدا

عەبدولرەحمان ئەحمەد

دواجارو بۆیەکەمجار لەمێژووی تۆپی پێی کوردستاندا یانەیەکی کوردستانی توانی ببێتە پاڵەوانی خولی یانە بژاردەکانی عێراق دوای ئەوەی لەشەوی(٦/٧/٢٠٠٧) یانەی وەرزشی هە ولێر لەیاری کۆتاییدا توانی بەسەر یانەی(قوەی جەوی)بەغدادا سەربکەوێت بەئەنجامی(١*سفر)و جامی پاڵەوانیەتیەکەی بەرزکردەوە... بێگومان کۆمەڵێك فاکتەر هەبوون بۆ دەستەبەرکردنی ئەم نازناوە مێژووییە کە لە هەموویان گرنگتر میوانداری کردنو سازدانی خولەکەبوو لەناو خاکی کوردستانداو بەتایبەتی لەهەردوو شاری (دهۆکی رەنگین)و(هەولێری دێرین) کە سەرەتا زۆرێك لە میدیا وەرزشیە عەرەبیەکانو یانەکانی بەغدا ئامادەنەبوون یاریەکان لە کوردستان بکرێت بەڵام دواتر خەجاڵەتیان کێشاو زۆر سەرکەوتوانە یاریەکان بەڕێوەچوونو بەمەش دەروازەیەکی گرنگی بەڕووی وەرزشی کوردستاندا کردەوە بەوەی کە وەرزشی ئێمە هیچی لەوەرزشی وڵاتان بەتایبەتی وڵاتانی ناوچەکە کەمتر نیەو پێویستە یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا زۆر بەجددی بیر لەمیوانداری کردنو بەڕێوەبردنی یاریەکانی هەڵبژاردەی تۆپی پێی عێراقو خولی یانەکانی ئاسیاو عەرەبیەکاندا بکاتەوە چونکە سەرکەوتنی خولەکە لەڕووی بەڕێوەبردنو ئاسایشو راگەیاندنەوە ناڵێم نمونەیی بوو بەڵکو تارادەیەکی زۆرباش سەرکەوتوو بوو، ئەمەش هەنگاوێکی گرنگە بۆ ناساندنی ئەنجومەنی ئۆلۆمپی کوردستانو یەکێتی تۆپی پێی کورستان.

هۆکارێکی دیکەی ئەم ئەنجامە ئامادەبوونی ئەو جەماوەرە زۆرو هاندەرە جوانانە بوون کە بەردەوام بەجۆشو خرۆشەوە بەئاڵای کوردستانەوە هانی یانەی هەولێریان دەدا تا دوا ساتی پاڵەوانیەتیەکە کەبەڕاستی یاریزانی ژمارە(١٣)ی یانەی هەولێربوونو جوانترین سیمایان بەیاریگاکان دەبەخشی.. لەگەڵ ئەمانەشدا ناکرێ ماندووبوونو دڵسۆزی یەکەیەکەی یاریزانەکانو عەقڵیەتی راهێنەر(ئەکرەم ئەحمەد سەلمان) لەبیر بکرێ کەزۆر زیرەکانە توانی پلانی سەرکەوتنەکان دابڕێژێتو بەڕووی هێرشی نەیارەکانیدا بوەستێتەوە بەوەی کە خوێندنەوەیەکی وردو زانستیانەی بۆ تیپەکان هەبوو. جێی ئاماژە بۆ کردنە کە یانەی هەولێر لەسەرەتادا یەکەمی ریزبەندی گروپی ناوچەی باکوور بوو لەگەڵ یانەکانی( سیروانی نوێو دهۆك) بۆ خولی بژاردەی عێراق سەرکەوتو دواتر لەو خولەدا لە دەستپێکی یاریەکاندا لەیانەی (کەربەلا)ی بردەوە بەئەنجامی(٢*١)و لەدووەمین یاریدا لەیانەی مینای بەسرای بردەوە ئەویش بەئەنجامی(٢*١)ودوای ئەمە توانی سێهەمین بردنەوە دەستەبەر بکات دوای ئەوەی لەیانەی(نەفت)ی بردەوە بە دوو گۆڵی بێبەرامبەر بەڵام لە چوارەمین یاریدا بەیانەی تەڵەبە بە یەك گۆڵی بێبەرامبەر دۆڕاندنی لەدواین یاری گروپەکەیدا شکستێکی گەورەی بەیانەی شورتەدا(٤*٠) لێیبردەوەو بەیەکەمی گروپەکەی بۆ چوار گۆشەی زێڕین سەرکەوتو و لێرەشدا رووبەڕووی یانەی نەجەف بۆوەو لەو یاریەشدا یانەی هەولێر بەدوو گۆڵی بێبەرامبەر یاریەکەی بردەوەو گەیشتە یاری کۆتایی کە لەو یاریەدا رووبەڕووی یانەی(قوەی جەویە) بۆوەو بە ئەنجامی تاکە گۆڵێك کە لەسەرەتای یاریەکە تۆمارکرا بردیەوەو توانیان جامی خولەکە بەرزبکەنەوەو لە کۆتایشدا یاریزانی هەولێر (ئەحمەد سەلاح) نازناوی گۆڵکەری خولەکەی دەستەبەرکرد بە تۆمارکردنی(١١)گۆڵ. ماوەتەوە بڵێین کە یانەی هەولێر دوای بەدەستهێنانی ئەم نازناوە بۆ وەرزی داهاتوو بەنوێنەرایەتی کوردستانو عێراق لەجامی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیا بەشداری دەکات کە ئەمەش بۆ یەکەمجارە لەمێژووی تۆپی پێی وڵاتەکەمان یانەیەکی کوردستان لەو پاڵەوانیەتیەدا بەشداری بکاتو هیوای سەرکەوتنی لەم پاڵەوانیەتیەشدا بۆ دەخوازین.



# لەجیهانی کاریکاتێرەوە














# ڕامبۆ کێشی خۆی دادەبەزێنێت



سلفستێر ستالۆنی کە بە فیلمی ڕامبۆو ڕۆکی ناوبانگێکی جیهانی وەدەست هێنا

بڕیاری داوە ساڵی داهاتوو بەشێکی دی لە فیلمی ڕامبۆ وێنە بگرێتۆ درێژەی پێبدات، بۆ ئەم مەبەستەش کە تەمەنی بەرەو ٧٠ ساڵی دەچێتو بەحوکمی ئەوەی کێشی زۆر بووە وەك پێویست ناتوانێت جموجوڵ بکات لە بەردەم کامێرادا بڕیاری داوا کێشی خۆی کەم بکاتەوە تاوەکو بتوانێت لەم تەمەنەشدا لە بەشێکی دیکە لە فیلمی ڕامبۆدا بە سەرکەوتوانە ڕۆڵ ببینێت .

# هاری پۆتەر



نووسەر "جیەکیە □□لێنگ" بەمزوانە کۆتایی بەنووسینی داستانی هار□ پۆتەر□ بە ناوبانگ دەهێنێت، هەربۆیە لەئاهەنگی یادی ٨٠ ساڵەی لەدایکبوونی شاژنی بەریتانیا ئێلیزابێس، لێبووردنی خۆ□ پێشکەش بەخوێنەرانی □□مانەکەی کرد. □□لێنگ تاکو ئێستا هیچ شتێکی لەسەر ناوەڕۆکی بەشی حەوتەم و کۆتایی ڕۆمانەکەی نەدرکاندووە، بەڵام بە ئامەدەبوونی ٢٠٠٠ منداڵ ، چەند دێرێکی لە بەشی حەوتەمی ڕۆمانی هاری پۆتەر خوێندەوە. تاکو ئێستا هەر شەش بەشی پیشۆوی هاری پۆتەر نزیکەی ٣٠٠ ملیۆن دانەی لێ فرۆشراوەو بۆ سەر چەندین زمانی جیاجیا وەرگێڕدراوە .

# ڕاکردنی ( جیم کاری ) لە بەندیخانە

ئەکتەری کۆمێدی هۆلیود ( جیم کاری ).. )( J

IM CARRY کە بە کارە کۆمیدیەکانی لە سەراپای جیهان ناسراوە بۆ جارێکی دی لە ڕۆڵی هەڵاتووەکی بەندیخانە، لە فیلمێکدا کە دەقەکەی لە داستانێکی ڕاستەقینە سەرچاوەی گرتووە ، تواناکانی خۆی دەخاتەکارو وەك کارەکتەرێکی کۆمیدی ڕەخنە لە کێشە دەرونیو ئەخلاقیەکانی ناو بەندیخانە دەگرێت .




# بارودۆخی خێزانی بڕادو ئەنجێلا



بەپێی هەفتەنامەی ( US) کە لە زاری یەکێك لە کەسە نزیکەکانی ئەم خێزانە باسی کردووە، بڕادو ئەنجێلا لە ژیانی هاوسەریاندا دووچاری کێشەبوون بەلاّم هەوڵدەدەن ئەم کێشەیەی نێوانیان نەکەوێتە بەردەم میدیاکانو لە ئیشو کاری ڕۆژانەیاندا بە جیاکارەکانی خۆیان ئەنجام دەدەنو کەمتر هاوکاری یەکتر دەکەن .

# جوانكاری چاو بە ئاڵتون



بەم دواییانە چەند كەسێك لە هۆڵەندا بۆ زیاتر سەرنج ڕكێشانی دەوروبەریان هەڵسان بە جوانكاری چاو ئەویش بە لكاندنی ئاڵتون بە چاوەكانیانەوە.

ئەم جوانكارییە لە لایەن پزیشكەكانەوە ئەنجام دەدرێتو پارچەیەك ئاڵتون لە شێوەی مانگ یاخود دڵ بە نەشتەرگەرییەكی بچوكو تەنها لە ماوەی ( ١٥ ) خولەكدا دەلكێنرێت بە سپێنیەی چاوەوەو بڕی تێچووی ئەم جاونكارییەش نزیكەی ( ١٠٠٠ ) یۆرۆیە كە تائێستا شەش ژنو یەك پیاو ئەم جوانكارییەیان ئەجام داوە.

# شمشێری (( تیپو سوڵتان )) بۆ زادگاكەی گەڕێنرایەوە



.شمشێری بەناوبانگی ( تیپو سوڵتان )ی شازادەی هیندی كە سالآنێك لە دژی بەریتانیا شەڕی پێكرا دوا(٢٠٠) ساڵ لە لایەن سەرمایەدارێكی هیندی گەڕێنرایەوە بۆ هیندستانو ئەوشوێنەی كە زەمانێك تیپوسوڵتان تیایدا حاكم ڕەوابو. ئەو شمشێرە دوای كوشتنی تیپوسوڵتان بەدەستی ئینگلیزەكان لە سەدەی هەژدەهەم دا گوێزرابۆوە بۆ بەریتانیا .

# گەورەترین قۆچی جیهان





لورچ ئەو گایەیە كە خاوەنی گەورەترین قۆچە لە جیهاندا،( لۆرچ)تەنها بە هۆی قۆچەكانیەوە نەبووە بە جێی سەرنج و خۆشەویستی خەڵك بەڵكو پارێزگاری لە ئەسپێكی بێتواناش دەكات .

# بۆقی ڕەنگ ئاڵتونی ژەهراوی



بۆقی ڕەنگ ئاڵتونی ژەهراوی كە لە كۆلۆمبیا بەرچاو دەكەوێت ١/٥ ئینجەو بە
ژەهراویترین گیاندار ناسراوە، ژەهری ئەم بۆقە لەسەر پێستی پشتیەتیو هەر شتێك ئەم بۆقە بخوات دەست بەجێ گیان لە دەست دەدات. هەر یەكێك لەم بۆقانە بای ئەوەندە ژەهریان بە پێستیانەوەیە كە (١٠٠٠٠ )هەزار مشك یان ١٠ تا ٢٠ مرۆڤ بكوژێت .

# بەرنامەیەك بۆ جیاكردنەوەی دەنگ لە فایلە ڤیدیۆییەكان

## MP3 AVI MPEG WMV RM To Audio CD Burner




جیاكردنەوەی دەنگ لە رەنگو گۆرینی ڤیدیۆییەكان بۆ فایلە دەنگییەكان، یەكێك بووە لەو كارانەی كە بەزۆرێك بە بەرنامەكانی مۆنتاژ جێبەجێدەكرێن و جیا دەكرێنەوە. لێرەدا ئاماژە بۆ بەرنامەیەكی نوێو ئاسان دەكەین كە فایلە دەنگییەكان لە فایلە ڤیدیۆییەكان جیا دەكاتەوە هاوكاتیش فایلە دەنگییەكە دەخاتە سەر سیدی.

ئەم بەرنامەیە بەناوی ( **MP3 AVI MPEG WMV RM To Audio CD Burner** ) و بەشێوەیەكی تایبەت ئەركی ئەوەیە كە فایلە دەنگ لە رەنگ جیا بكاتەوە بەو شێوەیە ئەو فایلانەی كە بەشێوەی ڤیدیۆی بەو تایپانە تۆماكراون بگۆڕێت بۆ فایلە دەنگییەكان و بەتایبەت بەشێوەی MP3 كە تایپێكی زۆر ناسراوەو لەزۆربەی بەرنامەكاندا دەكرێتەوە هەروەها چەندان ئامێری سادە هەن كە كار بەم جۆرە تایپە دەكەن، هەروەها، هاوكات فایلە دەنگییەكە دەنێرێت بۆ سەر سیدی.

دەتوانین لەتایبەتمەندییەكانی ئەم بەرنامەیە ئاماژە بۆ ئەوە بكەین كە كار بەم بەرنامەیە زۆر ئاسانەو پێویستی بە فێربوونێكی زۆر نییە، بەزۆربەی ویندۆزو سیستمەكان كار دەكات وەك ( Windows ٩٨/٩٨SE/ME, Windows NT/٢٠٠٠/٢٠٠٣, Windows XP,Windows VISTA )، و لەتوانایدا هەیە كە فایلە گۆڕاوەكان بە تایپەكانی (/mp٣/wav/wma/ogg ac٣, avi/divx/xivd, mpeg/dat، wmv/asf/asx, rm/rmvb, mov/qt, mp٤/m٤v, ٣gp/٣g٢ و FLV) سەیڤ بكات.

# چۆن فایلەكان بكۆڕین بۆ جۆری PDF

فایلەكانی جۆری pdf ئەو جۆرە فایلانەن كە بەشێوەیەك نوسین و ڕێكخستنەكانی سەریان كەپس دەبەن كە لەكاتی ناردن و كردنەوەیان بۆ شوێنێكی تر فۆنتی نوسینەكان و شێوازی ڕێكخستنەكانیان تێك ناچن، بەتایبەت لەبواری كاری رۆژنامەگەری و چاپەمەنیدا بەشێوەیەكی فراوان بەكار دەهێنرێت بۆ ئەوەی كە لاپەڕە دیزاینكراوەكان تێك نەچن و بتوانرێت وەك خۆیان سودیان لێوەربیگرێت.

چەند جۆر بەرنامە هەن كە ئەم كارە دەكەن و هەمووشیان بە Adobe Acrobat ناسراون و ئەو فایلانەیش كە دروستیان دەكەن بە پاشگری pdf دروست دەبن.

دابەزاندنی هەر جۆرێك لەو بەرنامە یان ڤێرژنانە وەك دابەزاندنی بەرنامەكانی ترەو جیاوازییەكی وای نییە، بەلام جیاوازی ئەم بەرنامەیە لەگەڵ بەرنامەكانی تردا لە جۆری كارپێكردنی بەرنامەكەیە.

ئەو كاتەی كە بەرنامەی Adobe Acroba دابەزێنین بەشێوەی پرۆگرامێكی پرێنتەر زیاد دەبێت بۆ بەشی پرێنتكردن، بۆیە كاتێك كە دمانەوێت یەكێك لە فایلەكانی بەرنامەی Word یان Publisher بكەینە فایلێكی pdf ی دەبێت فایلەكە بكەینەوە فەرمانی پرێنتكردن بۆ فایلەكە دیاری بكەین دواتر لە ویندۆی print واو لەبۆكسی Print name دا جۆری Adobe FDF دیاری دەكەین دوای چەند ڕێكخستنێكی تری ئاسایی كاتی پرێنتكردن كلیك لەسەر OK دەكەین و شوێنێك بۆ سەیڤكردنی فایلەكە دیاری دەكەین بەم جۆرە لەبری ئەوەی كە فایلەكە لەسەر وەرەقە چاپ بكرێت دەبێتە فایلێكی ئەكرۆباتی و دواتر دەتوانین فایلە ئەكرۆباتییەكە لە بەرنامەكانی Acrobat Reader دا بكەینەوە.



# Media Resizer Pro
# بۆ گۆڕینی فایلە ڤیدیۆییەکان




بەرنامەی Media Resizer Pro

بەرنامەیەکی تایبەت بە گۆڕینی سایزو قەبارەی فایلە ڤیدیۆییەکان. لەراستیدا قەبارەی فایلە ڤیدیۆییەکان یەکێك لەو کێشانەی کە لەکاتی پاراستن یان ناردنی فایلەکان بە ڕێگای ئیمەیڵ یەکێك بووە لە کێشە گرفتو زۆر جاریش بەهۆی قەبارەو سایزی فایلە ڤیدیۆییەکانەوە نەتوانراوە ئەو فایلانە بۆ کەسانی تر بنێردرێتو سودیان لێوەربگیرێت. بەڵام چەند بەرنامەیەك هەن کە تایبەت بەم گۆڕانکارییە لەسەر سایزی فایلە ڤیدیۆییەکانو کەمکردنەوەیان بۆ سایزێکی کەمتر کە بتوانرێت بەئاسانتر هەڵبگیرێنو بنێردرێن. یەکێکیش لەو بەرنامانە کە تایبەتە بەم کارە بەرنامەی Media Resizer Pro ە کە کە دەتوانرێت لە تایبەتمەندییەکانی ئەم بەرنامەیە ئاماژە بکرێت بۆ ئەو تواناییەی کە هەیەتی لە گۆڕینی زۆربەی تایپەکانو جۆرەکانی فایلە ڤیدیۆییەکانو دەتوانرێت پێش سەیفکردن فایلەکە ببینرێت، هەروەها هەمان بەرنامە دەتوانێت هەستێت بە گۆڕینی فایلی وێنەو سایزی وێنەکانیش کەم بکاتەوە.

## هاکەرەکان گوێ لە قسەکانی سەرۆك وەزیرانی یۆنان دەگرن

هاککەرەکان لە وڵاتی یۆنان توانیویانە لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٥ دا بەهۆی بەرنامەیەکی سیخوڕییەوە گوێ بۆ قسەکانی سەرۆك وەزیرانی ئەو وڵاتەو ژمارەیەکی زۆر لە لێپرسراوی پایە بەرزی ئەو وڵاتە بگرن کە ژمارەیان دەگاتە نزیکەی ١٠٠ کەس.

کاری هاککردنەکە لە ڕێگای پرۆگرامی سیخوڕی بەگوێگرتن بووە لە پەیوەندەی گفتوگۆ تەلەفوونییەکانیان کە بەهۆی بەرنامەی Rootkit جێبەجێکراوە.




هۆکاری بەردەوامی و ئاسانی ئەم کارە بۆ هاککەرەکان دەگەڕێتەوە بۆ خراپی بواری خزمەتگوزارییەکانی بواری مۆبایل بەکارهێنانی جۆرە کۆدێك کە کارئاسانی بۆ هاککەرەکان کردووە لەم کارەدا.

شایانی باسە ئەم کارە بووەتە هۆی دروستبوونی گرفتێکی گەورە لەو وڵاتەدا تا ئێستا نەزانراوە کێ لەپشت ئەم کارەوە بووە.

## Photo – GPS
## ڕێنیشاندەری گەشتەکان




لەکاتی گەشتکردنو گرتنی وێنەکان ئاسان نییە خێرا شوێنو کاتی گرتنی وێنەکان تۆمار بکەین، یان بەئاسانی نایەنەوە بیرمان. بەڵام Photo –GPS لەتوانایدا هەیە کە ئەم کارەمان بۆ بکاتو وەك پێویست کاتو شوێنی گرتنی وێنەکانمان بۆ تۆمار بکات.

ئەم پرۆگرامە لەلایەن خۆیەوە هەڵدەستێت بە دیاریکردنی کاتو شوێنی گرتنی وێنەکان ئەویش لەڕێگای سەتەلایتەوە دواتر کاتێك کە وێنەکان خرانە ناو کۆمپیوتەرەوە دەتوانرێت لە ڕێگای بەرنامەی GPS Image Tracke ئەو کاتو شوێنە دەربکەوێت کە وێنەکەی تێدا تۆمار کراوە.

بەکارهێنانی Photo –GPS ئاسانە ئەوەندە بەسە کە بەهۆی بەستن بە کۆڵەپشتەکەتەوە هەموو ئەو کاتو شوێنانەت بۆ تۆمار بکات کە وێنەکانی تێدا دەگریت، ئەم ئامێرە بچوکە بەهۆی پاترییەکەوە کار دەکات کە دەتوانێت بۆ ماوەی ١٤ سەعات شەحن بکرێتەوە، بەڵام ئەم ئامێرە بچوکە خۆڕایی نییەو نرخەکە نزیکەی ١٦٠ دۆلار دەبێت.

# بڕیارەکانی دیوەخانو گەنجەکانی شارەکەم



**ڕێبوار محمەد یوسف**

چۆن باڵندە ، لەترسی هێرشی ڕاوچیەکان لەکاتو ساتی خۆیدا بۆسەریان تەرە دەبن و هێلانەو سەر پەلی درەختو تاوەرەکانی کارەباو شوێنی نیشتەجێ بوونو ئاڵوگۆڕی ڕۆژانەو ساڵانە بەجێدەهێڵن .وەلەترسی ئەو ڕاوچیانە ژیانیان لێ تاڵ دەبێتو خۆیان بەم دارو ئەوداردا دەدەن تاکوو نەکوژرێنو نەبنە پێخۆری ڕاوچیان.ئێستاکە گەنجە خێر لەخۆ نەدیووەکانی شاری قەڵادزێ وەکوو ئەو باڵندە جوانکیلەو نەشمیلانە تەرە بوونو هەرچی ئازادی ژیانیان هەیە لێیان زەوت کراوەو تەرەی ئەو دەشتو دۆڵو بن بەردوو شیوانە بوون وناتوانن تەنها بۆساتێکیش لەژێر سێبەری دارودرەختو سنەوبەرە جوانەکاندا پشوویەک بدەنو ئارام بگرن تۆزێك بای باڵی خۆیان بدەن.

ئەوگەنجانەی سەردەمانێك بوو ببونە سمبولی نەتەوەیەکو لەپێشەوەی خەباتو تێکۆشانو قارەمانیەتیدا گیانیان دەبەخشی بەنیشتیمان.ئەو نیشتیمانە بریندارو زەوت لێکراوەی کەگەنجەکانی ببونە چقڵی چاوی دوژمنان و دوای ڕزگاریو ئاسوودەیی سەرکەوتنی گەلەکەمان ئێستاکە ناتوانن بۆ تەنها ساتو چرکەیەك لەژێر سێبەریدا بحەسێنەوە.

گەنجانی شارەکەم جگە لەو ماڵوێرانیەی بەسەریان هاتووە،چاوەڕێی ئەوەبوون حکومەت ئاوڕیان لێبداتەوەو خەمو کەسەرە دوورو درێژو ئازارەکانیان سارێژبکاتو، ژیانێکیان وایان بۆ برەخسێنێت کەبەختەوەری بچنێتەوە، کەچی سەرەڕای بەدی نەهاتنی خەونو ئارەزووەکانیان ئەوەتا لەنوێترین هەواڵی ڕۆژدا پێیان ڕاگەیاندن کەنابێت لەناو شاردا مەی بنوۆشن ئەو شارەی کە هەر لەدەروازەکەیەوە دیارە چەندە وێرانەیە، تەنها مەینۆشەکان دەزانن چ کارەساتێکی بەسەرهاتووە کەئەویش لەپێکێکی مەیدا خۆی دەبینێتەوەو لەگەڵ هەڵدانی هەر پێکێکیشدا دەیان فرمێسكو خەمو ئازارو سەرگوزەشتە تێکەڵاوی دەرونیان دەبێت ، کەئەو بڕیارەش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە ئەو گەنجە خێر لەخۆ نەدیوانە تەنهاو تەنهادەبێت لە دەرەوەی سنوری شارەوانی شارەکەدا بخۆنەوەو جێگەیەك بێت کە سنورداربێتو کار نەکاتە سەر ڕەوشی ژیانی خەڵکی کەئەمەش پێچەوانەی هەموو داخوازیو ئازادیو مافی تاکە کەسیە. کەئەویش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە دەبێت لە سنوری ئەوشارەدا دەرچنو چوارچێوەی شەست مەتری هەڵبژێرن کەتەنها جێگەی ڕۆیشتنی ئوتومبێلی بارهەڵگرو خەتی خێراییە.

گەنجەکانی شارەکەم لەگەڵ ئەوەی شوێنی پشوو سەنتەری گەنجانو باخچەو پارکو شوێنی گەشتو گوزارو سەیرانگاو هۆڵی کۆبونەوەو یانەی خواردنەوەو ئوتێلو ستادیۆمی وەرزشیان نیە.بەو هەموو نەهامەتیەش ڕازین .ئێستاکە لەگەڵ وەرزی دروێنەی گەنمو جۆدا هەراسان بوون هەزاران مێشوولەو کوللەو دوپشكو ماری لەناکاو بۆتە هاوڕێی هەمیشەیان.ئەوان نازانن چۆن ڕۆژانە بیر بکەنەوە ،شارێك هەر لەوێرانە دەچێتو وەك لافتەی بەر مزگەوتەکان ڕەش دەچێتەوە. .من نازانم ئەمە چ بڕیارێکە بەرپرسانی ناوچەکە لەژێر پەیامو سێبەری پیاوانی دیوەخانو ریش سپیو پیاوماقوڵانی شارو هەندێك لە پیاوە ئاینیەکان ئەو بڕیارە پیادە دەکەن ناهێڵن بۆتەنها ساتێکیش گەنجەکان مەستی خۆیان ئەنجام بدەن .بۆیە دەبینین کەهەردوای نیوەڕوان دادێت مەینۆشەکان بارگەو بنەی خۆیان دەپێچنەوەو دەڕۆنە ئەو شوێنەی کە بەبڕیارێکی زارەکی بۆیان دابین کراوە. هەر بەوەشەوە نەوەستاون ئەو دارسنەوبەرانەی کەئێستاکە بۆتە شوێنێکی گەشتیاریو ڕۆژانە چەندەها کیژو کوڕ جێژوانی خۆیانی تێدا بەسەردەبەن لەکەلاوەیەکی داروخاوو دەچێتو کەس نیە باوەشی بۆبکاتەوە.

ئەمە ئەو بڕیارەیە کەگەنجەکانی تووشی شۆك کردووە ئێستاکە هەر کاتێکی لەناکاو ئوتومبیلێکی حکومی بەوێدا تێپەر دەبێت ترس بەرۆکیان دەگرێتو خەم دەبێتە میوانیان .کەمن لەو بڕوایەدام ئەوانەی بەو جۆرە بیردەکەنەوە هەرگیز سەیرانگای چەقچەقو وئەزمڕو گۆێژەو دەباشانیان نەدیووە کە ئێواران و ڕۆژانی پشوو یاخوود کاتەکانی بەفرو بارانو تەرزەو کڕێوە خەریك مەی نۆشین و خواردنەوەن ، ڕەنگیشە لەگەڵ خواردنەوەیاندا چەندەها گلەییو گازندەش ئاراستەی زۆربەی کاربەدەستە زەبەلاحەکانی کەخاوەن کۆشكو تەلاری بەرزنو هەروەها ڕەخنەیەکی زۆریش بەر بەرپرسە گەندەڵەکان بکەوێت ..بەڵام دیارە ئەو بەرپرسانەی ناوچەی ئێمە تەنها چاویان شارەکەی خۆیان دەبینێتو بێئاگان لەو هەزاران خێزانەی بێ ئەوەی ڕۆژێك یەکتری بناسن لەگەڵ یەکتری دانیشتوونو دەیان سەماو هەڵپەڕێکیو خۆشیو شادیو مەینۆشین بەباد دەدەن.

ئێستا گەنجی شارەکەم وەك زبڵو خاشكو پاشەڕۆ فڕێدراون بۆشیان نیە لەژێر ئەو هەموو داروسنەوبەرانەدا بخۆنەوە کەبەسەر شارە وێرانەکەی شاردا دەڕوانێت.بەرپرسانی شارەکەمو دەوروبەری لەبەرئەوەی خوا پێداونو ژیانیان باشەو خاوەنی پارەو پولێکی زۆرن، هیچ حسابێك بۆشعوری ئەوگەنجانە ناکەن کەهەر ئەمەشە وایکردووە کەڕۆژانە سەدان گەنجی ئەو شارە تەرە بنو ڕوودەکەنە دەرەوەی وڵاتو ژیانی کولەمەرگی هەڵدەبژێرن.

بەرپرسانو پیاوانی دیوەخانو بەشێك لە پیاوە ئاینیو ریش سپیەکانی شارەکەم وادەزانێت ئێساکەش خەڵك لەگوێی گادا نوستووەو، دەبێت ڕۆژانە خەریکی بانگوشو شوانکارەو نۆکەری ئاغاو کاری کشتوکاڵیو گوێڕایەڵی پەیرەو پرۆگرامی حزبەکەیان بن وەکوو ئەوەی حزبو حکومەتو ئەوانی تر، زۆر کاری باشیان بۆئەنجام دابنو لە ژیانی تاکە کەسیو ئەنجامدانی پرۆژە خزمەتگوزاریەکان و یاخوود لەژیانی ناخۆش ڕزگاریان کردوون، نازانن ئێستاکە سەردەمی عەولەمەیەو جیهانی ئەنتەرنێتو زانستو زانیاریەو دەیان هەوڵی نوێ لەئارادایە بۆ خزمەتکردنی خەڵکی .